## بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا
## (٥)

ئامادەکردنی: تاهیر عەلیار

### باسێک لە سەر حەوزە عیلمیەکانی ناوچەی بۆکان و کۆرتەیەک لە سەر حاجی بابەشێخی سەیادەت!

نووسینی سەیید عەبدولرەحمان سەیادەت

مامۆستا هەژار لە کتێبی چێشتی مجێوردا باسێکی کورتی لە سەر حەوزەی عیلمیەی وشتەپە هەیە :




لای بەرەبەیان گەیشتینە وشتەپە کە سێ فەقێی تری لێ هەبوون چێشتەنگاو مامۆستامان دیت و داوای دامەزرانمان کرد گوتی : ئەسعەدبرازامە با لێرە بێ و ئیشارە بە من گوتی ئەو فەقێیەم ناوێ با بڕوا زۆرم دڵ بە خۆم سووتا بەڵام ئەمشەو میوانی من بە و سبەی بڕۆ، شەو لە ماڵی مامۆستا کە نانمان خوارد باس هاتە سەر لە غەز و موعەمما لێرەدا باو باوی من بوو لە موعەمما حەل کردندا لە هەواڵانم چێتر بووم بەیانی مامۆستا فەرمووی تۆش هەر بمێنەوە تۆ بە تەرح و دیدار زۆر گێژ و نازیرەک هاتیە بەر چاوم بەڵام وادیارە وەک دیاردەکەی وانیت. لای ئەو دەستم کرد بە شەرحی سیوتی لە سەر ئەلفییەی ئیبنو مالیک کە ڕێزمانی عارەبییە دەرسی ئەدەبیاتی فارسی و حیساب و ئینشاشی فێر دەکردم ئەوەندەش نێوانمان خۆش بوو کە هەر نەبێتەوە بە ڕاستی قەت تووشی مودەڕیسی ئەوەندە ڕوح سووک و بێ دەعیە نەبووم فەقێ لە هەموو جێیان حەزیان لە چارەی مامۆستای گەورە نەدەهات حەزیان دەکرد جگە لە وەختی دەرس چاویان پێی نەکەوێ و بە ئازادی گەپ و گاڵتەی خۆیان بکەن بەڵام ئەو مامۆستایە هەواڵی گاڵتە و گەپیشمان بوو. خۆی لە ئێمە بە زیاتر نەدەزانی. خواخوامان بوو شەوانی سێ شەمە و جومعە لە ناوماندابێ و لە گەپ و گاڵتەدا یاریدەمان بکا.

ژیانی ناو فەقێیان بەراستی سەرنج ڕاکێشە . ئەگەر کۆمەڵێکی هاوزمان و هاووڵاتی بە میللەتێک دادەنێن بە بڕوای من فەقێ تا نەبوونەتە مەلا میللەتێکی سەربەخۆن هەر مەلایەکی وەک باوکی من دەیەوێ کوڕەکەی جێگەی بگرێتەوە زۆر کەسی نەخوێندەواری بە ئیمانیش کە خۆشیان لە مەلا و یاسین خوێندن هاتووە کوڕیان دەنێرنە ناو فەقێیان زۆربەی فەقێ کوڕە بێوەژن و کوڕە هەژاری جوتیارن دەچنە حوجرە دەبێ سواڵی نان لە ماڵان بکەن بەشی جلک و شمەک لە ڕاتووە پەیدا کەن کە بەهاران و پاییزان بە ئاوایی و هۆبانەوە دەگەڕێن ڕۆن و پەنیر و کەشک و توتن سواڵ بکەن و خۆیانی پێ پۆشتە کەنەوە و شەکر و چای پێ دابین کەن خەڵک لە زەکاتی گەنم و دراو بەشیان بدەن. خوێندنەکەیان چۆنە؟ چەند کتێبێک لەسەتان ساڵەوە بۆتە باوزۆر کەم وایە ئاڵوگۆڕ بکرێن. یانی بەرنامەی دەرس بە سەتان ساڵ نەگۆڕاوە دەرس گوتنەوەش هەر لە عۆدەی ئەوانەیە کە لەو کتێبانەوە فێرە خوێندن بوون و هەرگیز بەرنامەی تازە کردنەوە و دەسکاری تێدا دەکار نەکراوە نە فەقێ تێدەگا چی خوێندووە و نە مامۆستا خۆی دەزانێ چی بە دەرس کوتۆتەوە لە سەد فەقێ یەک یان دوان هەڵدەکەون کە لەو حەوت خوانی ڕۆستەمە دەرچن و ببنەوە مەلای باش ئەوی دیش هەمووی لە هەوەڵی ڕێگە لە ناوەڕاست بە جێ ماون و سەر نەکەوتوون ڕێک و پێکی خوێندن و ئیمتحاناتی سێ مانگە و شەش مانگە و ساڵانەیان هەر نەبیستبوو تەنبەڵ و ناتەنبەڵ بە یەک ڕێدا دەڕۆن.

خوێندەواریم چەندبوو؟ لە سایەی لە بەرکردنی قەسیدە عارەبیەکان چەند وشەیەکی عارەبیم دەزانی بەڵام منیش وەک هەموو مەلای وڵاتی خۆمان نە قسەکردن نە خوێندنەوەی کتێبی عەرەبی تازە و نە هیچ . لە شەرعیشدا تەپە تەپێکم لە (فتح القریب) و (منهاج) دەکرد و ناویان نابووم مەلاورەحمان. لە فارسیدا خراپ نەبووم گولستان و بوستان و یوسف و زلێخای جامی و تاریخی نادرم بە دەرس خوێندبوو دەمتوانی نامە بە فارسی بنووسمەوە و بخوێنمەوە کە نزیکەی ١٠ /١٢ ساڵ ژیانم بە گەللایی ڕابرابوو خۆم بۆ فێربوون ماندوو نەکردبوو تازە پەشیمان ببوومەوە دەستم کرد بە متاڵاو خوێندنەوە و خوێندن لە لای خۆم شەوانە چرای نەوتم لە پێش خۆم دادەنا و کتێبم دەخوێندەوە کتێبی چۆن ؟ تەڕ و ویشک بێتام و

به تام هەر لە ئەمیر ئەرسەلانی رۆمیەوە تا شیروویە و سیمین عوزار و فەلەک ناز و تەڕەماش و تەڕەسازەوە تا دەگاتە خەمسەی نیزامی و مەسنەوی و حافز و شانامە و شتی تر .... زۆر شەوان وا بە خوێندنەوە خافڵاوم کە روانیومە وا تاو هەڵاتووە و چراکەم دایسێ لە ئاکامی ئەو شێگگیریەم بە بێ ئەوەی بەخۆم بزانم ببوومە فارسی زانێکی مناسب.

## یەکەمین چالاکیە سیاسیە کانی حاجی بابەشێخ

وادەردەکەوێ حاجی بابەشێخ هەر لە هەرەتی لاوەتییەوە ئەو کاتەی بۆ درێژەدان بە خوێندن پەریوەی وڵاتی عێراق بووە بیرۆکەی رۆشنبیریی دینی و هەڵسووڕانی سیاسی لە مێشکیدا سەر هەلدەدا هۆکارەکەشی ئەوە بووە ئەو دەم وڵاتی عێراق لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکاندا بوو و لە ئیستامبووڵەوە دوو ریکخراو یا کۆمەڵە سەری هەڵدابوو بە ناوەکانی( جەمعییەتی ئیتحادی ئیسلام ) و ئەوی دی بە نێوی (جەمعییەتی ئیتحاد و تەڕەقی) ئەو دوو حیزبە هەڵسووڕانی سیاسی خۆیان لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی پەرە پێدابوو حاجی بابەشێخ داخڵی حیزبی ئیتحاد و تەرەقی بووە. ئەو حیزبە خوازیاری کەم کردنەوەی دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی بوون و ساڵی ۱۹۰۹ ی میلادی دوای سێ ساڵ هەڵسووڕانی سیاسی توانیویانە سوڵتان عەبدولحەمید لە دەسەڵات وەلانێن و بە جێی ئەو سوڵتانی مەشرووتەخواز محەمەد رەشاد خان بکەنە دەسەڵاتدار.
لە سەردەمی خۆیدا ئەو کۆمەڵەیە پێشکەوتووبووە و هەندێ کەس لە رۆشنبیران و هەلسووڕاوانی کوردستانی باشوور و باکووریش چووبوونە ریزەکانی ئەو حیزبەوە.

حاجی بابەشێخ هەر لە سەردەمی لاویدا داخڵی کۆمەڵەی ئیسلامیش دەبێ ئەو کۆمەڵەیە کە دواتر دەبێتە حیزب لە ساڵی ۱۸۹۰ ی میلادی لە ئیستانبوڵ بە مەبەستی یەکگرتوویی و یەکدەنگی لە دنیای ئیسلامدا و بەرگری لە لێکدابڕانی فیرقە مەزهەبییەکانی ئایینی ئیسلام پێک دێ. ئەو کەسانەی بۆ یەکەم جار ئەو کۆمەڵەیەیان پێک هێنا بریتی بوون لە سەیدجەماڵەددین ئەسەدابادی  ناسراو بە ئەفغانی، عەبدورەحمان کەواکبی ، رەشیدرەزا، عومەرفەوزی ، شێخ محەمەد عەبدە و..... هەرچەند لە ئێران بە شێوەی فەرمی نە حکومەتی قاجار و نە حەوزەی عیلمییەی قوم پشتیوانیان لێ نەکرد بەڵام هێندێک کەسایەتی ناوداری ئەو سەردەم وەک سەیدحەسەنی مودەریس ، میرزاکوچک خانی جەنگەڵی سەید محەممەد رەزا موساواتیی برازجانی و میرزا تاهیری تەنەکابونی بوونە ئەندامی و تەنانەت میرزا کوچک خان بزووتنەوەکەی خۆی بە پشتیوانیی هەمەلایەنەی ئیتحادی ئیسلام بردە پێشێ .

شەڕی یەکەمی جیهانی لە مانگی ئوتی ساڵی ۱۹۱٤ی میلادی لە ئورووپادا هەڵایسا لەو کات و ساتەدا مەشرووتە خوازان لە ئێران سەرکەوتنیان بە دەست هێنابوو سەرگەرمی پێکهێنانی رێکخراوی سیاسی بوون و شای بێ دەسەڵاتی قاجاریش ، ئەحمەدشا ، بێ لایەنیی ئێرانی راگەیاندبوو بەڵام چونکە هێزەکانی رووس لە چوارساڵ پێش دەست پێکردنی شەڕ هاتبوونە نێو خاکی ئێرانەوە بێ لایەنی ئێران هیچ مانایەکی نەبوو بۆیە ئینگلیسیەکانیش لە باشوورەوە هێزەکانی خۆیان خزاندە نێو خاکی ئێرانەوە و بەشێکی خاکی ئێرانیان داگیر کرد . عوسمانیەکانیش کە بە هێزەکانی ئالمانەوە پشت گەرم بوون سنووری رۆژاوای ئێرانیان بەزاند و هێزەکانی خۆیان لە پیرانشار و بانەوە هێنایە نێو ئێرانەوە رووسەکانیش لەو کاتەدا لە میاندواوی نزیک سابلاغ هێزێکی زۆریان کۆ کردبۆوە ئاکامی ئەو لەشکرکێشیانە بوو بەوەی مەڵبەندی شەڕوتێکهەڵچوونەکەی ئەو دوو زل هێزە یانی رووس و عوسمانی بێتە کوردستان بە تایبەت ناوچەی مکوریان ئەوەش بوو بەوەی کە ئەو وڵاتە لە دەرەنجامی ئەو شەڕە قورس و داسەپێندراوەدا پێ شێل بێ و ماڵوێرانی و دەربە دەری و قات و قڕی و کوشتاری بە کۆمەڵ ئاکامی شوومی شەڕی یەکەم بوو بۆ جەماوەری خەڵکی کوردی بێ کەس و بێ دەرەتان.
دەوڵەتی عوسمانی لە ۱۷ی ئوکتوبری ۱۹۱٤ ی میلادی دا بڕیاری دا بچێتە پاڵ ئالمانەوە و بەو جۆرە عوسمانیەکانیش چوارمانگ پاش هەڵایسانی شەڕ خۆیان لەو شەڕە وەردا عوسمانیەکان بۆ رۆژی مەبادا لە ساڵی ۱۸۹۰ ی میلادی دا سوارەی حەمیدییەیان ساز کردبوو کە بەشی زۆریان لە چەکداران و جەنگاوەرانی کورد بوون هەروەها هەست و خوستی کوردیشیان دەناسی کە بۆ ئیسلام و خەلافەتی ئیسلامی سۆزیان هەیە  هەر بۆیە بە کەڵک وەرگرتن لەوە لە شەری دژ بە رووس و ئینگلیس کوردیشیان تێوەگلاند بۆ وێنە کوردەکانی باکووریان لە ژێر ناوی سوارەی حەمیدییە بە گژ ئەرمەنییەکاندا کرد و کوردەکانی باشووریان بە سەرۆکایەتی شێخ مەحموودی حەفید رەوانەی باشووری عێراق کرد تا لە بەسرە پێش بە ئینگلیسیەکان بگرن کوردەکانی رۆژهەڵات و بەشێکیش لە  کوردەکانی باشووریان وێرای عەسکەری تورکی خۆیان بۆ شەڕ

لەگەڵ رووسەکان هاندا بەو جۆرە ئاوری شەڕ کوردستان و بە تایبەت مکوریانی گرتەوە . بە دەست پێکردنی شەڕ عوسمانییەکان لە هەموو چین و لایەنەکانی کۆمەڵگای کوردەواریی ئەو سەردەم (سەرۆکهۆزەکان و شێخەکان) داوایان کرد کە بۆ بەربەرەکانی لە بەرمبەر سوپای کافر و داگیرکەری رووس بەشدار بن و شەڕەکەشیان بە جیهاد(١) لە رێی خودادا لە قەڵەم دا . لەو بارودۆخەدا عوسمانیەکان بەشێک بە زەخت و فشار وبەشێکیش بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی ئایینی کۆمەڵگای کوردەواری کوردی بێ کەسی بێ دەرەتانی بێ لایەنیان لەشەڕێکەوە وەردا کە هیچ پێوەندییەکی بە چارەنووس و بەرژەوەندیی کوردەوە نەبوو .

کرانەوەی ئەو بەرەیەی شەڕ لە وڵاتی کوردستانی موکری لە بەرژەوەندیی ئالمانیەکاندا بوو بۆ ئەوەی لە گوشاری زۆری هێزەکانی رووس و ئینگلیس لە بەرەکانی تری شەڕ کەم کەنەوە . زۆر کەس بەشداری کردنی کوردەکان لەو شەڕەدا سەرکۆنە دەکەن و بە هەڵەی دەزانن تەنانەت لەوانەیە تۆمەتی خەیانەتیشیان وەپاڵ دەن من لام وایە بەشداری کردنی کوردەکان لە رووی ناچاریەوە بووە بۆ مەگەر بێلایەنی دەوڵەتی ئێرانیان قەبووڵ کرد تا لە ئێمەی کوردیشی قەبووڵ کەن زۆربەی شار و گوندەکانی کوردستان لە ژێر سم و چەکمەی ئەسپ و سەربازی هەر دوولایەن لە وێران بوون دا بوو. ئەو کەسانەی رەخنە دەگرن ئایا ئەو بارودۆخە نالەبارەی کە ئەو دەم کورد تێی کەوتبوو هەست پێ ناکەن.

لایەنگرانی رووس لە وڵاتدا زیاتر حاکمانی ناوچەکان بوون کە لە لایەن شای کەم دەسەڵاتی قاجارەوە داندرابوون چونکە رووس لەگەڵ لایەنی شا یەک بوون ئەمانیش نەیاندەتوانی ببنە بەرەی دژ بە رووس هەر بۆیەش تاقمێکیان وەک سەیفەدین خانی ئەردەڵان سەقز و سەردار حەمەحوسێن خانی موکری هەر چەند بە نهێنی دەگەڵ عوسمانیەکانیش وتووێژیان کردبوو بەڵام لە لایەن ئەرکانی عوسمانیەوە بە تۆمەتی هاوکاریی رووسان لە دار دران جگە لەوان حەمەخانی کوڕی یونس خانی بانە و شێخ بابای بەرزنجی غەوساباتیش لەو کەسایەتیانە بوون کە ئەو چارەنووسە ئەوانیشی گرتەوە بەڵام زۆربەی کۆمەڵگای کوردەواری ئەو سەردەم کە لە دوو دەستەی عەشیرەتەکان و شێخەکان پێک هاتبوون لایەنگرییان لە عوسمانی کرد کاتێک تۆ لە نێوان دوو بێگانە دای کە یەکیان هاودینتە و ئەوی دیکەیان هاودینت نییە ئاساییە کە تۆ لە هاودینەکەت پشتیوانی دەکەی پاشانیش دەبینین دەوڵەتی عوسمانی دەوڵەتێکی مەشرووتە و خەڵکی و نیوە دێموکڕاتیک بوو چونکە ئەودەم دەسەڵات لە دەستی لایەنگرانی ئیتحاد و تەڕەقی دابوو خودی سولتان محەمەد رەشادخان لە لایەن ئەوانەوە داندرابوو بەڵام دەوڵەتی رووسی تیزاری دەوڵەتێکی ئیستبدادی بوو هەروەها رووس لە ئێرانیش هەمیشە لە بەرەی زۆرەمل و ملهوڕ پشتیوانی کردووە بەڵام سەرەڕای ئەوەش هاوکاریی کوردەکان دەگەڵ عوسمانی دەبوایە هوشیارانەتر و وردبینانەتر بوایە . هەڵبەت لە روانگەی دینیەوە ئەو شەڕەی دژ بە رووس جیهاد لە رێی خوادابووە جگە لەوە بەرگری کردن بووە لە خاک و ئاوی نیشتمانیش هەر بۆیە لەوەدا کوردەکان بە هەڵە نەچوون (لە روانگەی خۆیانەوە ) بەڵکوو چارەیان نەبووە. (٢)

حاجی بابەشێخ بە پێچەوانەی هەموو ئەو شێخانەی لەو شەڕەدابەشدار بوون خاوەنی دەروێش و سۆفی و مرید نەبووە کە لە گەڵ خۆی بیانباتە شەڕێ جگە لەوەی عوسمانیەکان لەو وڵاتەدا ئەویان لە هەموو کەس زیاتر دەناسی هەروەها لە نێو خەڵکی وڵاتیشدا خاوەنی رێز و حورمەتی زۆری بنەماڵەیی و و مەعنەوی و کۆمەڵایەتی بوو هەمووی ئەوانە بوونە هۆی ئەوەی کە لە هەردوولایەنی هەم عوسمانی و هەم خەڵکی وڵاتەوە بە رەئیسولموجاهیدین هەڵبژێردرێ و لە شەڕی مياندواودا سەرکردایەتی هێزەکانی بەرەی کورد و بەشێک لە عوسمانیەکان بەو بووە لەو کەسانەی لەو شەڕەدا بەشدار بوون دوو کەسایەتی ناودار یەکیان گوڵاویاغای دێبوکری(٣) و ئەوی دی حاجی شێخ گوڵی بەرزەنجی شەهید بوون . بە دەستووری حاجی بابەشێخ تەرمی حاجی شێخ گوڵ لە گوندی ناچیت لە نێوان مياندواو و بۆکان دەنێژرێ.

## فەرمانی رێزلێنان لە حاجی بابەشێخ لە لایەن سوڵتانی عوسمانییەوە.

لە لایەن سوڵتانی عوسمانی خاوەن شکۆ غازی محەمەد رەشادخان کوڕی سوڵتان عەبدولحەمیدخان سەرکەوتنەکانی بەردەوام بێت.

لە لایەن گەورەی زانا و لێکۆڵەوەران سەرتۆپی مروڤایەتی تێگەیشتوو کانگای عەقڵ و تێگەیین نموونەی بیروبڕوا پەرەپێدەری حوکمەکانی شەرع و دین جێگری پیاوچاکان و پێغەمبەران رازاوە بە چاولێکراوی خوای بەرز و دڵۆڤان بۆ هەرێمی سولەیمانی

جەنابی حاجی بابەشێخ برای بەرێز سەیید عەبدولحەکیم شێخی زەنبیل نووسراوەی پیرۆزی هومایونی سوڵتانی عوسمانی بەم شرۆڤەی خوارەوە پێمان گەیشت کە دەقەکەی بەم جۆرەیە:

*جەنابتان کە لە تێگەیشتوویی و زانایی لەم هەرێمەدا لە سەرەوەی هەموانن و زانست و گەورەیی ئێوە لە هەموو شوێنێ دەنگی داوەتەوە وەبەرگەورەیی و بەزەیی شاهانەی سوڵتان کەوتوون و هەر بۆیەش لە رێکەوتی هەشتی شەعبانی ١٣٣٤ ی کۆچی مانگی بە پلەی (ئێزمیرپایەسی ) و بە عینوانی بەرزی شێخەلئیسلام و موفتی گەورە دەگەن . ئەو پلە گەورەیە لەگەڵ میدالی جەواهیرنیشانی بە نرخ ناردراوە.(...)*

ئەو فەرمانە بە دەستی زاناترینی زانایان و گەورەترینی پسپۆران کە سەرچاوەی زانیاری و پسپۆرییە جەنابی سەروەر و مەولانا مووساکازم کە خودا درێژە بە زانیاری و گەورەیی بدات لە لایەن موامی بەرزی خەلافەت و و بە نوێنەریی و جێ نشینی لە سوڵتانی عوسمانیەوە لەوپەڕی شانازی و شەرەفەوە بە ئێوە دەرێ کە هیوادارین لەو رێکەوتە بەو لاوە ئێوە لە فەرمانی شکۆدار کە لە لایەن سوڵتانی تاجدارەوە ناردراوە و بە مۆری سوڵتان رازاوەتەوە کەڵک وەرگرن و لە هەرحاڵدا بۆ درێژەی تەمەنی سولتان و گەورەیی و سەربەرزیی شایانی ئەو دوعاگۆ بن و قەدری پلەی بەرز و بە نرخی خۆتان بزانن .

رێکەوتی بیستوپێنجەمی شەوالولموکەرەمی ١٣٣٤ ی کۆچی مانگی .

لە لایەن ممەقامی دارولخەلافەوە.

**درێژەی هەیە....**

**عومەراغای عەلیار لە کتێبی (مهاباد بر قلە تاریخ) لە بارەی ئەو رووداوانەوە ئاوا دەڵێ :**

(١)، کێشە و شەڕی کوردەکان دەگەڵ رووسیە بە هۆی راگەیاندنی جیهاد لە لایەن تورکەکانەوە بوو دەقی راگەیاندنەکە ئاوابوو :

*هەموو موسوڵمانان کە لە لایەن دەوڵەتانی رووس و ئینگلیس و فەرانسەوە عەزیەت و ئازار دراون یانی خەڵکی کەریمە و قازان، تورکستان ، بوخارا ، خیوە ، هیندوستان ، چین ، ئەفغانستان ، ئافریقا و باقی وڵاتان دەبێ لەو شەڕەدا بە ئیجماع شان بە شانی نیزامیەکانی وڵاتی عوسمانی بە وەزیفەی دینی خۆیان هەستن و بە گیان و ماڵ لەو جیهادە پیرۆزەدا بەشدار بن . (...)*

بە هۆی ئەو جیهاد راگەیاندنەوە بوو کوردەکان وەجووڵە کەوتن و لەزستانی ١٩١٥/١٩١٤ دا وەک سێڵاو روو بە ورمێ و مهاباد وەرێکەوتن. لەوکاتدا نیکیتین کونسوولی رووس دەگەڵ هێندێک لە سەرانی کورد وەک بەدرخان بەگ و گورگین بەگ لە تایەفەی بەگزادەی دەشت باروخاڵو و تەیموراغای شکاک ، عەبدوڵلا بەگ بەگزادەی بنار ، کەریم خان و پیرۆبەگی هەرکی ، سولەیمان خان مەنسوورئەلمەمالکی زەرزا ی شنۆیە و حەمە حوسێن خانی سەرداری موکری حاکمی مهاباد کە دوایە تورکەکان ئیعدامیان کرد پێوەندی دۆستایەتی دامەزراندبوو لەو ئاغایانە غەیری سولەیمان خانی زەرزا کە لەگەڵ رووسەکان بوو و تەنیا کەسێک بوو کە لە ماوەی بوونی تورکەکان لە ناوچەدا نەچووە سەڵماس ، لە شکستی خان تەختی و ئاکامەکانی ئەو شکستە بێ بەری بوو.

لەو کاتە دا بانگەشەی جیهاد لە لایەن شێخ جەمالەدینی رایەت بە گەرمی بڵاو دەکراوە وهێندێک لە شێخەکانی دیکەش بە هۆی دەست و پێوەندەکانیانەوە دەگەڵ ئەو راگەیاندنی جیهادە کەوتبوون تەنیا یەک لە شێخەکان بە نێوی شێخ بابا نیشتەجێی ئاوایی غەوساباد لە ناوچەی مهاباد کە جێگای رێزی خەڵکی ناوچە بوو دژایەتی ئەو راگەیاندنی جیهادەی کرد و تورکەکان لە زستانی ١٩١٦/١٩١٥ بە هۆی دژایەتی کردنی دەگەڵ راگەیاندنی جیهاد و نیشاندانی سۆز و هەستی ئینسانی بەرامبەر بە مەسیحیەکان لە داریان دا.

بناغەی پێوەندی کوردەکان و تورکەکان لە کاتی شەڕەکەدا زۆر پتەو و قایم نەبوو و سەرانی کورد باوەڕیان بە تورکەکان نەدەکرد چونکە دیتبوویان تورکەکان ئەو کەسانە لە کوردەکان کە بەدڵی وانیان نەکردبا لە بەینیان دەبردن وەکوو کوشتنی شێخ بابا و حەمەحوسێن خان حاکمی سابڵاغ و سەیفەدین خان حاکمی سەقز و محەمەدخان حاکمی بانە . لە دەستپێکی شەڕەکەدا رووحانیوونی موسوڵمانی کورد کە زۆربەیان کەسایەتی سیاسی قوستەنتەنییە بوون راگەیاندنی جیهادیان تەنیا لە مەنزەری ئایینەوە دەدی وبانگەشەی جیهادیان دەکرد بەشێکیشیان بوون کە لە خاکی عوسمانیدا دەژیان و راگەیاندنی جیهادیان بە شتێکی مەزهەبی سیاسی دادەنا و دژایەتیان دەکرد وەکوو ئەبووبەکر ئەفەندیی هەولێری ، محەمەد ئەفەندیی کۆیە ، عەبدولقادر ئەفەندیی بیارە ، تەها ئەفەندیی حەکاری و.... کە دەیانکوت ئەو شەڕەی ئێوەی تێوەردەدەن مەشرووع نییە و دەگەڵ شەریعەتی ئیسلام ناتەبایە.

بە دوای بیری مەزهەبی مەسەلەی نەتەوایەتی کورد هاتە گۆڕێ هەروەک دەزانین لە نێوەڕاستی سەدەی نوزدەهەم دا بابی عالی هێندێک ناوچەی کوردستانی کە لە لایەن نوێنەرانی ئەشرافیەتی کوردەوە ئیدارە دەکران خستەوە ژێر رکێفی خۆیەوە و ئەو کردەوەیە لە فکر و زەینی کەسوکاری ئەوان دا مابۆوە و و ئومێدوار بوون بتوانن دەسەڵاتی لە دەست چوویان بگەڕێننەوە وەکوو بنەماڵەی بەدرخانی بوتان لە تۆرەمەی برایم پاشای میلانی کە خۆیان بە شازادە دەزانی و بەگەکانی میرسودینان و محەمەدیان و میرەکانی حەکاری بەڵام ئەو ئومێدانە بە حەبس کردن و کوژران و لە ناوچوونی زۆر کەسایەتی شایستە و جێگای رێزی خەڵک تەواو بوو وەکوو شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و شێخ سەعید سولەیمانیەیی ، و شێخ سەلیم بتلیسی و سەید عەلی خیزانی و نەوەکانی ئەو وەک شێخ شەهابەدین و شێخ محەمەد بیرکی و....

لە فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی .

**(تێ بینی) :** بەردەنووسی شاپووری ساسانی کە باسی سەرکەوتنەکەی بە سەر والریانووس ئیمپراتووری رۆم دا دەکا لە سەر کێوی پیرچاوش لە ناوچەی سەڵماس لە قەراغ جادەکەوە دیارە و قەڵای بە ناوبانگی ئورارتوویی (خان تەختی) لە سەر ترۆپکی کێوەکە هەڵکەوتووە.

بە دوای رێکخستنی ئەرتەشی مەسیحی لە رۆژاوای ئازەربایجان و دەست پێکردن بە سڕینەوەی ئێتنیکیی موسوڵمانان لە ورمێ و سەڵماس قوشوونی عوسمانی ساڵی ١٩١٨ لە لای رەواندزەوە شاڵاوی بەرەو ورمێ هات و دوای دوورۆژ شەڕ سەڵماسی لە مەسیحیەکان ئەستاند و لە خان تەختی جێگیر بوو. بەشێک لە کوردەکان لەو شەڕانەدا بوون.

(تایر عەلیار)

(٢) ، کاک تایر ئێلخانیزادە لە کتێبی (ئاورێک لە موکریان،بیرەوەرییەکانم) لە سەر ئەو رووداوانە ئاوا دەنووسێ :

ساڵی شەڕی هەوەڵی دنیایە شێخ نەجمەدین و شێخی حیسامەدین لەگەڵ لەشکری عوسمانی هاتبوونە موکریان بۆ شەڕ دەگەڵ رووسان. لە حەمامیان لە ماڵی مەحموودئاغا مابوونەوە دەیانگێڕاوە کە لە شێخی حیسامەدینیان پرسی ئەوشەڕە جیهادە ئێمە داخڵ بین؟ فەرمووبووی نەوەڵا جیهاد نیە عوسمانی بە زۆر ئێمەی هێناوە دەستمان ناڕوا بڵێین جیهاد نییە ئەو دەوڵەتە گەورانە بۆ بەرجەوەندیی خۆیان شەڕ دەکەن کوردی بێچارە بە کوشت دەدەن .

(٣) ، دیسان کتێبەکەی کاک تایر ئێلخانیزادە ئاوا باسی گوڵایاغا دەکا:

گوڵاویاغای شەهید کوری گوڵاویاغای گەورەدەبێتە نەوەی مارفاغای دێبوکری لە شەڕی هەوەڵی گەورەی دنیایە دەگەڵ عورووسان بە شەڕ هاتووە لە گوندی دونگوز و چاوەرچین شەهید بووە تەرمەکەیان هێناوەتەوە حەمامیان و لە نێو گومبەزەکەدا نێژراوە.

عومەراغای عەلیار لە کتێبی( مهاباد بر قله تاریخ دا ) دەڵێ : ئەو گوڵاویاغایە نێوی قاسم بووە و دوای شەهید بوونی نێوی بابی (گوڵاویاغایان ) لە سەر داناوە.